**وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی**

**بەیانی ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠١٥**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی ٦/ بڕگەی دووەمی ) لە یاسای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ژمارە(١١)ی ساڵی (٢٠٠٧) بڕیارماندا بە:-

١- هەڵوەشاندنەوەی تێبینەرایەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی پیرمام و گەڕاندنەوەی میلاکی فەرمانبەرانی بۆ سەر میلاکی بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی شەقڵاوە.

٢- بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی شەقڵاوە لە ڕێگای لیژنەیەك گشت بابەتی دارایی و کارگێڕی وکەل و پەلەکان وەردەگرێتەوە.

٣- هەڵوەشانەوەی ئەو فەرمانبەرانەی بە شێوەی تەنسیب لەسەر میلاکی تێبینەرایەتی ناوبراو بۆ شوێنی خۆیان .

٤- ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لەڕۆژی دەرچونیەوە .

**کمال مسلم سعيد**
**وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی**

---

**وەزارەتی شارەوانی و گەشت وگوزار**

**ژمارە : ١٢٢٢١ لە ٢٠١٥/٩/١٣**

**بەیانی ساڵی ٢٠١٥**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی (٦ و ٧ ) لەیاسای بەڕێوەبردنی شارەوانیەکان ژمارە (٦ی ساڵی ١٩٩٣) هەموارکراو بریارماندا بە :-

١- کردنەوەی شارەوانی (بریفکا) لە قەزای ئامێدی سەر بە پارێزگای دهۆك .

٢- ئەم بەیانە جێ بەجێ دەکریت لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان).

**نەورۆز مەولود محمد ئەمین**
**وەزیری شارەوانی و گشت و گوزار**

---

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم/ برگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)یساڵی ٢٠٠٧، بڕیارماندابە :-

**بەیانی ژمارە (٥٧)ی ساڵی ٢٠١٥**

- کردنەوەی (بنکەی تەندروستی لێلاڤ ستی) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆك .
- ئەم بەیانەکاری پێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٥/٦/٢٣.

**د.ڕێکەوت حمە رشید کریم**
**وەزیری تەندروستی**